The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و
جینۆسایدی گەلی کورد
Chak
Chak_kurdistan@yahoo.com

# راپۆرتێك دەربارەی كۆبونەوەی هاوبەشی ناوەندی هەڵەبجە

# و

# ئەنجومەنی كەمپی كاوەی پەنابەرانی رۆژهەڵات. لە كوردستان

بۆ بە دواداچونی ئەو هەوڵانەی كە ناوەندی هەڵەبجە ( چاك ) لە دەرەوەی وڵات و دڵسۆزانی گەلەكەمان و نوێنەرانی پەنابەرەكان دابوویان، بۆ ئەوەی ژیانێكی شایستە بۆ پەنابەرانی كوردی رۆژهەڵات دابینبكرێ و لە مەترسی شالاوی توندرەوی دووریان بخەنەوە، كە رۆژانە لە كەمپی ئالتاش روو بە روویان دەبۆوە، ناوەندی هەڵەبجە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ كۆمیسۆنی باڵای پەنابەران ، رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ، لایەنە پەیوەندداره‌كانی ئوردن و رای گشتی كوردی و نێونەتەوەیی لە هەوڵ و كۆششكردن دابووە .

لە ئەنجامی هەموو ئەو هەوڵ و گوشارانەدا كۆمسیۆنی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان فریایان كەوت و بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان ( ئیدارەی هەولێر ) توانرا (٥٠٠) سەرخێزان كە ژمارەیان ١٢٢٥ كەسە لە ماوەی مانگی ئەیلول تا تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بە دوو قۆناغ نیشتە جێ بكرێن ، ئەوەبوو دواجار لە ١٠/١١/٢٠٠٥ لە نزیك شارۆچكەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر نیشتەجێبكرێن، وێرای دابینكردنی فریاگوزاری بەرایی لە لایەن كۆمسیۆنی پەنابەران

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و رێكخراوی قەندیل ، بەلاّم ئەوە چارەسەری بنبڕكەر نابێ بۆ سارێژكردنی مەینەتی و ئازارەكانی پەنابەرێتی و دووره ولاّتی!!

بۆ بەسەركردنەوەی رەوشی پەنابەران دوای گواستنەوەی زۆربەیان بۆ كەمپی كاوه لـە هـەولێر و كـەمپی باریكـە سـلێمانی شـاندێكی هاوبەشـی ناوەنـدی كوردسـتان و دەرەوەی ولاّتـی ناوەنـدی هەڵەبجـە ( چـاك ) كـە لـە عـەلی مـەحمود و سـەلاّح مـەزن پێكهـاتبو، لـە رێكـەوتی ٢٠٠٦/٢/٥ سـەردانی كـەمپی كـاوەی پەنابـەرانی كـوردانی رۆژهەلاّتیان كرد، لە كۆبونەوەیەك لـەگەلّ ئەنجومـەنی كـەمپی پەنابـەرانی كـاوه كـە پێكهاتبو لـە ( محەمەدی عەزیزی، جهـانگیر ئـەحمـەدی و كـەریمی پـالانی ) دەربـارەی كاری هاوبەشی هەردوولا لە رابردوو لـە ئایینده قسەو باس كرا، ئەمجار سەبارەت بە ئاستـەنگو سـەختیەكانی گـوزەرانی پەنابـەرەكان و كـەموكوی و گرفتـەكانی ژیـانی پەنابەرێتی بەگشتی، هەروا چەندان گرفت تەوەری باس كرایەوە، لەوانە:

+ خراپی رەوشی تـەندروستی و سادەیی خزمەتگوزاری و دا مەزراوەی تـەندروستی لـە كـەمپـەكـەدا.

+ دیاردەی بێكاری لە نێوان لاوانی كوڕ و كچی كەمپەكەو بێبەشبون و دابڕانیـان لە خوێندن و پێشكەوتنەكانی سەردەم.

+ مندالاّن وێڕای بێبەشبونیان لە ژیانی ئاسایی مندالّێتی و باخچەو یاریگا ، هەروا خوێنـدنی ژێـر چـادرگا، ئـەمجار بەشـی زۆری كۆلەمـەرگی و سـەختی ژیانیـان بەردەكەوێ.

+ ژن لـەو كەمپەدا ، بە هۆی خراپی یان نەبونی خزمەتگوزاری شارەوانی و مەدەنی بە تایبـەتیش كـارەبـاو ئـاوی پێویسـت قورسـایی گـەورەی مەینەتیـەكانیـان وە ئەسـتۆ گرتووە.

بـۆ بـە تەنگـەوە هـاتنی ئـەو گرفـت و ئاسـتەنگانە شـاندی ناوەنـدی هەڵەبجـە بـە هەماهەنگی لەگەلّ ئەنجومەنی كەمپی كاوە رەشنوسی بەرنامەیەكیان ئامادەكرد، بۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە پەرلـەمان و حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان و رێكخـراو و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵەکانی ناحکومی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بکرێ، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکانیان بکرێ و مافەکانی پەنابەرێتیان بۆ دابین بکرێ، بۆ ئەو مەبەستەش چاك و ئەنجومەنی کەمپەکە فۆرمی راپرسیکردن ئامادە دەکەن و بەسەر پەنابەرانی کەمپەکە دابەشی دەکەن، ئەمجار بە پێی گرفت و پێداویستی ژیانی رۆژانەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە یواری هۆشیاری تەندروستی و کەلتوری و کۆمەلایەتی ، مافەکانی مرۆڤ، منداڵ و ژنان و لاوان لە کەمپەکە ئەنجام بدرێ. هەروا بڕیاری ئەوەش درا کەوا بانگەوازێکی هاوبەش سەبارەت یە چۆنیەتی دیاریکردنی ئاییندەو ژیانی پەنابەرێتی و بێ ناسنامەیی چارەگە سەدەیەك لە ژیانی ئەو خەڵکە دەربەدەر و چارەنوس نادیارە بۆ رای گشتی و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراو ەکانی مافی مرۆڤ و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و عێراق پەیام بکرێ.

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد

**CHAK**

کوردستان ٦ / ٢ / ٢٠٠٦

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

Filename: كۆبونەوەى ناوەندى هەڵەبجەو ئەنجومەنى كەمبى كاوة
Directory: C:\Documents and Settings\Miqdad\Desktop
Template: C:\Documents and Settings\Miqdad\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dot
Title:
Subject:
Author: Azhy
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١١:٤٥ ص
Change Number: 4
Last Saved On: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١٢:٠٢ م
Last Saved By: Miqdad
Total Editing Time: 18 Minutes
Last Printed On: ٢٠٠٦/٠٢/٠٧ ١٢:٠٣ م
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 4
Number of Words: 509 (approx.)
Number of Characters: 2,904 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com